# کارەبای کوردستان و باری تەعالە!

سلێمان عەبدوڵڵا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

دۆستێکم کە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا وەکوو وەرگێڕ کاردەکات،گووتی ئەفسەرێکی ئەمریکی پێی گووتم (هەتا زستان و هاوینی وڵاتەکەتانم نەبینی ، هەرگیز تێنەدەگەیشتم ئێوە بۆ وازوو هەڵدەچن و بۆ وازوو لەپڕ میهرەبان دەبنەوە! بەڵام کەبینیم لێرە،زستانان بەفر تا ئەژنۆ دەبارێ و هاوینیش پلەی گەرما تا پەنجا هەر منەتی تێدانیە، ئەوسا حاڵی بووم ، ئەو میزاج و رەفتارە کۆمەڵایەتیەتان لەبن سەری سروشتی ئەو خاکە ئەفسوناویەیە کە پێێ دەڵێن کوردستان.

دەمێکە زستانان خەمی سوتەمەنی کۆڕی دانیشتن و شەوانی میوانداریە گەرمەکانی ئەو وڵاتەی سارد کردۆتەوە و هاوینانیش خەمی ئاوی سارد و پەیداکردنی بەفر و شنەی هەوایەکی فێنک ، نێو ماڵ و ئەندامانی خێزانی لە هەموان کردووە بەدۆزەخ.

فەرمانڕەوایەتی کردن بەسەر ڕەعیەتی ڕووت و ڕەجاڵدا، هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە. حیکەمەت لە جۆری ئەو خزمەت و خزمەتگوزاریانەدایە،کە شاو میر و سەرۆک و فەرمانڕەواکان ، پێشکەشی میللەتی ڕەشوڕووتی بندەستی دەکەن.

پازدە ساڵە میللەت لەسەر دەریایەک نەوتی ڕەشی ژێر خاکەکەی دەژی و زستانان لەترسی شۆڕشی سپی و درێژخایەنی بەفر لەوسەر زەمینی ئەو دەریا ڕەشە چەق چەقەی پێکەوتووە،پازدە ساڵە میللەتێکی پێنج ملیۆنی چاویان لە کەرەمی خورە خورێ دەریاچەی دووکان و دەربەندیخانە تالێیانەوە شنەی شەماڵێکی کوێستان و چۆرێک ئاوی سارد ئەم هاوینەیان کەمێک فێنک بکاتەوە.

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

پازده ساڵە ئەم میللەتە هەر شەو و ڕۆژ دەژمێرن و کۆرپەی ساواشیان هەڕاش کرد، کەچی ئەوەتا باری سەرشانیان ڕۆژ بەڕۆژ قورستر دەبێ و خەمی ساردی زستانان و خەمی گەرمی هاوینانیش ، هەروەکوو خۆیان مانەوە!.

عەیب نییە نەهەڵکەندنی بیر و نە دروستکردنی ئەو پاڵاوگە مەزن و ستراتیژیانەش بەو توانا مادی و مرۆییەی کوردستان بەتەنێ دەستەبەر دەبێ ، پێویستە حکومەتی کوردستان جدیتر بەدوای دروستکردنی متمانە و دڵنیایی کۆمپانیە دەرەکیە ناسراوەکاندا بگەڕێ بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژانە وەکوو پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لێرە بنیات بنێن و خەمی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی بەیەکجاری لای خەڵکی ئەم وڵاتە بنبڕ بکەن . پێداویستی خەڵکی کوردستان بە سەرچاوەکانی ووزە بە تایبەتی کارەبا، ناکرێ هەتا سەر لەژێر ڕەحمەتی ملیمەکانی باران و بەفر بارین بێت ،ناکرێ بەتەنها پێنج ملیۆن کورد پشت بەخوڕەی ئاوی تۆڕباینە ژەنگاویەکانی دووکان و دەربەندیخان ببەستن و ئەو پڕۆژانەش لەسەر دینی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لەدەستی کەرتی گشتی واتە میری دابن و دەسەڵاتی کوردیش لافی کەرتی تایبەت لێبدات .

بۆ بنبڕ کردنی گرفتی کارەبا دەبێ پڕۆژەی کارەبای هەرێمی کوردستان بەکەرتی تایبەت بسپێردرێت، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا ، سەرچاوەکانی ووزە بە ئەلەکتریکیشەوە لەدەستی زەنگین و تەئمینی کەرتی تایبەتدان ، لەڕاستیدا ئەرکی حکومەت نییە خودی ئەو پڕۆژانە لە ئەستۆ بگرێ و ووزە بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکات ، بەقەد ئەوەی لەسەر حکومەتە ئەو گرێبەستانە لەگەڵ کۆپانیا ئەهلیەکان گرێ بدات .

ئەگەر وڵاتێکی وەکوو بریتانیا بەنموونە وەربگرین ، کە سەرکەوتنێکی گەورەی لەبواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوڵاتیەکانی خۆی بەدەستهێناوە دەبینن ئەو پڕۆژانە لە دەستی چەند کۆمپانیایەکی نیشتیمانی رکابەری یەکتریدان وەکوو کۆمپانیاکانی (بریتیش گاز و پاوەرجان و ئێن پاوەر و هتد. کە هەموویان

**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

بەپێی سیستمی بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت کاردەکەن و کەستەمەر (مشتەری) بۆ خۆیان پەیدا دەکەن ، هەموو سەرچاوەکانی ووزە پەیوەندیان بە گیرفان و کارتی بانکی هاوڵاتیانەوە هەیە، نە هاوڵاتی دەتوانێ بێمنەت بێت لە بەکارهێنانیان و نەکۆمپانیاکانی دابینکردنی ووزەش ترسی بڕانیان هەیە ، هاوڵاتی ناچارە بەگوێرەی لانی کەمی پێویستی ماڵەکەی ووزە بەکاربهێنێت ، چونکە ئەوەی بەکاری دەهێنێت گۆترەکاری نیە و میتەرێک کە بەعەقڵێکی کۆمپیوتەری کاردەکات نهێنی بەکارهێنانەکە بۆ کۆمپانیاکە دەگوازێتەوە ، بۆیە لەدواجاردا نەهاوڵاتی ئامادەیە گیرفان و کارتی بانکەکەی توشی نەزیف بوون بکات و نە کۆمپانیاکانی دابینکردنی ووزەش ناچاری بانگەوازی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەن بۆ هاوڵاتیان و لەدواجاریشدا کەسیان گلەیی لەکەس نییە.

ئەگەر بەرپرسە حزب پێداوەکانی کوردستانیش لەگەڵ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی کوردستاندا لە هەموو دەقەیەکدا لەماڵەکانیاندا بیستیان هاوار بکرێ ، کارەبا هاتەوە... کارەبا کوژایەوە، ئەوسا پێدەچێ ئەو مەسەلەیە مشورێکی جدی لێبخورێ و وەکوو خەمێکی نێشتیمانی سەیری بکرێت . دەگێڕنەوە جارێکیان، لە گوندێکدا بۆ چەند ڕۆژێک بوو، بەفر لەسەر یەک دەباری و خۆشکردنەوەی نەبوو ، ئاغای گوند ڕێی ڕاو و شکار و چوونە دەرو سەیروسەفای نەما ، هەربۆیە ئاغا هەموو خەڵکی ئاوایی لەدیوەخانەکەی خۆیدا کۆکردەوەو بەدەنگی بەرز بەکوێخای گوندی گووت ، کوێخا ، برۆ سەربان بەباری تەعالە بڵێ ، ئاغا دەڵێ لێی بێمنەتم ، باشەڕی من و ئەو بێت ، چەندی دەبارێنێ دەبا بیبارێنێ ،ڕۆنە بەچەند دیزە هەمە ، گەنمە بەعەمبارەی گەورە گەورە هەمە، دارو قەڵاشکەریم تا بنمیچی ژوران هەڵچنیون، کوێخا بەباری تەعالە بڵێ شەڕی من و ئەوە . کوێخا کە سەر کەوتە سەربان بینی چ بەفرێکی ئەستور کەوتووە و بینی کەچ سەرماو سۆڵەو بەفرێکی دیکە بەڕێوەیە ، کویخا دەیزانی لە ماڵی ئەو هەموو خەڵکی ئاواییدا ،نەڕۆنی شیوێک و نە چەند ڕبە گەنمێک و نە دارو قەڵاشکەری یەک دوو شەوی ئەم زستانە تەڕو توشە هەیە ،

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

Kurdistannet كوردستان نێت

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو لەسەربان هاتەخوار . ئاغا هاواری لەکوێخا کردو ڕوو لە خەڵکی ئاوایی گووتی ها کوێخا بەباری تەعالەت گووت ، کویخا گووتی بەڵێ جەنابی ئاغا ، پێم گووت ، باری تەعالە ،فەرمووی : سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ جەنابی ئاغاو پێی بڵێ من دەسەڵاتی ئەوم نییە ، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکم مابێ بۆ کوێخاو خەڵکی ئاواییم ماوەو ئەوەیان لێ بەسەرەوە ناچێ!

پێدەچێ خەڵکی کوردستان و بەرپرسە دەستڕۆیشتووەکانی حزب و حکومەتی کوردی دەردی کوێخاو خەڵک و ئاغای ئەو گوندەیان بێت بەڵام لەمەسەلەی کارەبا و لە بەردەم لرفە لرف و قرچە قرچ و گەرمای هاوینێکی بێ ئاماندا!

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!